# هەروەستەیەک بەرامبەر بە گوتنەکانی مەسعود بارزانی

**شاخەوان شۆڕش**

2007.04.21

**چاوپێکەوتنەکەی مەسعود بارزانی لەگەڵ کەنالی ئەلعەرەبییە و پاشان وتەکەی لە کۆنفرانسێک سەبارەت بە دیموکراسی لە ئێراقدا کە لە شاری هەولێر بەسترا، بە سەیریی رووپەخشی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و سایتەکانی داگرت، پێداهەڵگوتنێکی سەیر و زیادەڕۆ کەوتە بەرچاو، لە بەرامبەریدا ڕەخنەکان کە تەنها لە هەندێ لە سایتەکاندا هەبوون، زۆر کەمبوون. زۆرینەی پێداهەڵدەران جەختیان لەسەر وەلامی بەرابەری بارزانی بۆ تورکیای داگیرکەر دەکردەوە و لەسەر ئەو خاڵە دەوەستان.**
**دیارە مەبەستی ئەو وتارە وەستان لەسەر ئەوە نییە، چونکە ئەوەی مەسعود بارزانی بەرامبەر بە تورکیا گوتی، شتێکی نائاسایی نەبوو و وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوە ئەرکی سەرشانیەتی، جگەلەوەی ئەو زۆرجاران خۆی بێدەنگ دەکات و هیچ هەڵوێستی نییە، کە لاموایە هەر ئەوەشە وایکردووە تورکیای ڕاسیست و داگیرکەر هێندەی تر کلکی باوێتە سەرپشتی و هەڕەشە لە گەلی کورد بکات. لە ڕاستیدا ڕوون نییە ئەوجارەیان لەبەرچی بارزانی ویستی شتێک بڵێت و وەڵامی تورکیا بداتەوە. چونکە ئەگەر ئەو وەڵامی تورکیای بەپێویست زانیووە، ئەوە یەکەمجار نییە تورکیا هەڕەشە دەکات. دیارە لێرەدا مەبستیشم ئەوە نییە ئەوە هەڵبسەنگێنم کە ئایا وەڵامەکەی ئەو بۆ تورکیا چەند گونجاو و ڕیالیستانەبوو.**
**لاموایە ئەوەی وایکردووە گوتنێکی ئەوها هێندە گرنگی پەیدا بکات، هۆکەی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی بێتامی سەرانی کورد بە گشتی بەرامبەر بە هەڕەشە و دەستێوەردانەکانی داگیرکەران، کە مەسعود بارزانی وەکو جەلال تاڵەبانی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕێخۆشکەر و هۆکاری بوونی ئەو دیاردەیەن. لە لایەکیتر هەڵوێستی دژەکوردی جەلال تاڵەبانی و تێخزانی ئەو بۆ ناو بازنەی عارەبی و بەرگریکردنی ئەو لەبەرژەوەندیەکانی نەتەوەی عارەب و تورک زۆر لە خەڵکی بێزار و تووڕە کردووە. ئەوانە وایانکردووە کەوا هەڵوێستێکی کوردیی ئێراقچیانە بەوپەڕی کوردستانی سەیربکرێت و دراماتیکیانە گەورە پیشان بدرێت. دیارە هەڵوێستی نەرێنی تاڵەبانی و دەربڕینی نیگەرانی خۆی سەبارەت بەم بابەتە بۆ ڕەجەب تەیب ئۆردۆگانی شۆڤێنی تورکیا، دیسان ئاماژە بۆ بوونی ئەو دیاردەیە دەکات.**

**چاوپێکەوتنی مەسعود بارزانی لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە کە لە 7ی ئەپریلدا بلاوکرایەوە، جێگای سەرنجی زۆرە، من لێرەدا تەنها ئاماژە بەوە دەکەم کە نائاسایی بوون.**
**یەکەم: مەسعود بارزانی خۆی بە سەرۆکی کورد دەزانێت و جلی کوردی لەبەر بوو، بەڵام بە زمانی عارەبی، بە زمانی داگیرکەر دەدوا. ئەو داوای یەکسانی زمانی کوردی و عارەبی دەکات و لەدەستوری ئێراقدا، ئەوە نووسراوە، کەچی ئەو بۆ رۆژنامەوانێکی عارەب بە زمانی کوردی نادوێت.**
**دووەم: مەسعود بارزانی کە لەگەڵ ئەو رۆژنامەوانە عارەبە دانیشتبوو و زۆرسەیر بەروویدا و بەقسەکانیدا پێدەکەنی، واپێدەکەنی سوورگەلگەرابوو. ئەوە ئاسایی دەبوو ئەگەر مەسعود بارزانی ئاسایی ئەوها بایە، بەڵام ئەو دەرکەوتنە بەو شێوەیە ئاسایی نەبوو. مەسعود بارزانی نەک هەر ئامادەنەبووە بەڕووی رۆژنامەوانێکی کورد پێبکەنێ، بەڵکو ئامادە نەبووە هەر لەگەڵیشیان دابنیشێ و ڕێگایان بدات پرسیاری لێبکەن. کە جارجارەش بە دەگمەن لەناو بەرپرسانی پارتەکەی یا حکومەتەکەی دەردەکەوێت، ئەوە پێناکەنێ و زۆر ئاغایانە دەجولێتەوە.**
**پاشان ئەو رۆژنامەوانە عارەبە ببە لای حوسنی موبارەک بزانە ئەو دەوێرێت بەو ئازادییە پرسیار لە موبارەک بکات و بەڕوویدا واپێبکەنێ؟! بۆ مەسعود بارزانی لای ئەو ڕۆژنامەوانە عارەبە وایە و بۆ ئەو ڕۆژنامەوانە وابوو، ئەوە بۆ خوێنەر لێدەگەرێم.**

**لە کۆنفرانسەکەدا مەسعود بارزانی بەجلی کوردیەوە و وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوا، دیسان بە زمانی ئەنفال بە زمانی عارەبی. واپێدەچێ زمانی کوردی زمانی خەڵکی ئاسایی کوردستانە و هی پیاوە گەورەکان نییە!**

لێرەدا بەگرنگی دەزانم جەخت لەسەر هەندێ خاڵ بکەمەوە کە لەوێدا گوتنی:

یەکەم: مەسعود بارزانی ئێراقی هەلبژاردووە و ئامادەبووە سەرداریی کوردستان بداتە بەغدا، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی مافی فیدرالی و خۆبەڕێوەبردن وەکو کوردە ئێراقچیەکانی دیکە دەدات. ئەو مافانەی ئەو لەو چوارچێوەیەدا و لە دەستورەکەدا (کە هێشتا ڕێککەوتنی تەواوی لەسەری نەکراوە) بەدەستی هێناوە، لە مەترسیدان و هەڕەشەی کەمکردنەوەیان لێدەکرێت. ئەو هەوڵ دەدات پێ لەسەر ئەو ڕێکەوتنانە دابگرێت. ئەوەش تەنها کارێکی لەپێشی ئەوە و ئەرکی سەرشانیەتی. ئەو لەو چوارچێوەیەدا شانازی بە سەرداری ئێراق و ئاڵای ئێراق لە کوردستاندا دەکات، پاکانە دەکات و دەڵێ، "ئێمە لەگەڵ جیابوونەوە نین و هەوڵی جیابوونەوەمان نەداوە."

دووەم: مەسعود بارزانی گوتی، "دیموکراتی مەسەلەیەکی مەبدەئییە بۆ ئێمە،" واز لە کوردستان بێنە کە چەندە لە سایەی سەری ئەوان دیموکراسییە، ئەو ئێستاش پێیوایە ئێراق دەبێتە دیموکراسی و وەکو وڵاتێکی پێشکەوتوو لە ئاستی بەرژەوەندی نەتەوە و گەلانی ناو وڵاتەکە دەبێت. ئەو و نزیکەی هەموو پارتە رامیاریەکانی کوردستان 60 ساڵە خەبات بۆ دیموکراسی بۆ ئێراق دەکەن، بەڵام نەک هەر سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لەبری دیموکراسی بۆ ئێراق، گەلی کورد گەلکوژکرا.

سێیەم: مەسعود بارزانی گوتی، "گەلی کورد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئێراقی هەڵبژارد." دیارە ئەوە چەواشەکردنی ئەو ڕاستیەیە کە گەلی کورد هەرگیز ئێراقی پەسند نەکردووە، بەڵکو ناچاری ناو ئێراق کراوە و لە سەربەخۆییشدا سەرپشک نەکراوە. ناچارکردنی گەلی کورد بۆ ناو ستاتی تازەدروستکراوی ئێراق دوای پاشگەزبوونەوە لە ڕێکەوتننامەی سیڤەر هات و پلانێکی ئیمپریالیستانە بوو بەسەر گەلی کورددا سەپێندرا. ئەو ریفەراندەمە ساختەیەی ئەوسا بۆ ئەو مەبەستە کرا، لە لایەن زۆرینەی دیاری گەلی کورد ڕەتکرایەوە و تەنها هەندێ ئاغا و شێخی هەڵپەرست و بەرژەوەند پەرست پشتگیریان کرد. بزوتنەوەی چەکداریی شێخ مەحمود لە پێش و پاشی ئەو ریفەراندەمەدا بەڵگەی ڕەتکردنەوەی ڕاکشاوی لکاندنی باشوری کوردستانە بە ئێراقی عارەبی. ئێستا کەسێک بەناوی سەرۆکی کوردستان بێت و ئەوە بڵێت، ئەوە ئاسایی نییە و جێگای ڕەخنەی تووندە، چونکە ئەوە جێبەجێکردنی ئەوەیە کە ڕێکەوتنامەی لۆزان بانگاشەی بۆ دەکات، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی بوونی پیلانی ئیمپریالیستانە، نارەزایی خەڵکی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەو کاتەدایە، هەروەها مۆری رەوایەتی ئێراقیبوونی کورد لەوساوە دەکات، بەمجۆرە مۆرکی داگیرکەریی لە ستاتی ئێراق بەسەر باشوری کوردستان دەسەنێتەوە.

ئەوەی ئەو لێرەدا دەیەوێ پشتگیری بۆ پەیدا بکات، وادیارە دەیەوێت بڵێت، ئەو ئێراقی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو گەلی کورد لە کۆنەوە ئەوەی پەسند کردووە، بۆیە خەباتەکەی ئەوان خەباتی گەلێکی بێستات نییە، بەڵکو خەباتە بۆ دیموکراسی و ڕژێمێکی ڕەوا.

چوارەم: مەسعود بارزانی ئاماژە بە حەکیمی و وردیی ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕش (مەلا مستەفا بارزانی) دەکات کە دیموکراسی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. ئاشکرایە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات و سەرکەوتوو نەبوو، واتە نەیتوانی دیموکراسی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەدەست بهێنێت. هەروەها خۆی لەبەر ڕێککەوتننامەی نارەوای جەزایر نەگرت، پەرتەی بە شۆڕشەکە کرد و چارەنوسی گەلی دایە دەست دوژمن.

بەرنامە و ئامانجەکانی پارتی و شۆڕشێ ئەیلول (کە زۆربەی گەل –منیش لەگەڵیاندا– ی تێدابوو) ڕەوتی ئەتۆنۆمیخوازی و دیاردەی خۆگونجاندنی لەگەڵ داگیرکەردا لە ناو خەڵکدا بەهێزکرد و کردییە کەلتورێکی ڕامیاریی بەهێز، بەمجۆرە زیانی بە کەسایەتی مرۆڤی کورد گەیاند و وایکرد مرۆڤی کورد هەوڵ بۆ دروستکردنی کەسایەتیەکی وابەستە بە کەلتوری نەتەوەی باڵادەست بدات، هەروەها لە دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێزی سەربەخۆ و خاوەن بڕوا دووربیخاتەوە. بوونی کەسایەتی لاوازی سەرکردە و مرۆڤەکانی کوردستان یەکێ لە بەرهەمە دیارەکانی ڕەوتی وابەستەیین.

گومان لە گەورەیی و بەرفراوانی شۆڕشی ئەیلولدا نییە، بەڵام بەر لە شۆڕشی ئەیلول خەبات کراوە، دوای شۆڕشی ئەیلول خەبات کراوە، بەر لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی ڕامیاری دی هەبوون، دوای هەرەسی پارتی لە 75، پارتی دیکە دروست بوون، بۆیە بەرزکردنەوەی دیاردەیەک لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تایبەت و نکۆڵی لە کۆمەڵێ دیاردەی دیکە لاریەکی ڕاکشاوە. ئەو مێژووەی گەلی کورد لەم بەشەدا نووسیتیەوە باش یا خراپ شەرم لەکەس ناکات و هەر ئەوەیە کە هەیە، باشترە وەکوخۆی سەیری ڕووداوەکان بکرێت کە هەبووین.

پاشان ئەو دیموکراسیەی کە هەموو پارتە ئێراقچیەکان خەباتیان بۆ کرد هەرگیز نەهاتەدی، وەڵامی ئەوان بە تواندنەوە و بەعارەبکردن و گەلکوژی درایەوە. ئێستا دوای کارەساتی گەلکوژی و پێداگرتن لەسەر دیموکراسی بۆ ئێراق کە لە

بنچینەدا کاری کورد نییە، وەکو پێشوو بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتنە. ئافەرین سەرانی کورد دوای تاوانی گەلکوژی ستاتی ئێراق بەرامبەر بە گەلی کورد، ئێستاش بڕواتان بە مانەوە لە ئێراق و دیموکراسی بۆ ئێراق هەیە. ئەوەی ئەوڕۆ لە ئێراقدا ڕوودەدات، گەواهی دروستیی ئەو ڕەوتەی ئەوان بە باشی دەدات!

پێنجەم: مەسعود بارزانی ناوە ناوە باس لە مافی چارەنوس دەکات، بەڵام مەرج بۆ مافەکە دادەنێت. دیارە ڕەوایەتی مافی چارەنووسی گەل و سەربەخۆیی کوردستان هێندە گەورە و زەقە، وایکردووە مەسعود بارزانی و کوردە ئێراقچیەکانی دیکە گە ڕێگای بەغدایان هەڵبژارد تووشی دیلامایەکی کوشندە بکات. ئەوان دەزانن دیلی دەستی کەلتوری ڕابردووی ئەتۆنۆمیخوازین و ناتوانن هەروا ئاسان دەستبەرداری بن، ئەوان دەزانن کردار و ڕەوتی ڕابردوو و ئێستایان کۆتی خستۆتە ملیان، دەزانن کوشتەی بەرزەفڕین، دەزانن نوقمی گەندەڵین، ئەوان دەزانن لاواز و پارچەن و لە ئاستی ئەو ئەرکەدا نین، بەڵام لە لایەکیتر ناتوانن نکۆڵی لە داخوازیی ڕاستەقینەی گەل و ڕەوایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. هەول دەدەن ڕەوایەتی بۆ ئێراقچیەتیەکەی خۆیان بدۆزنەوە و لەهەمان کاتدا ئاماژەش بە مافی چارەنووس لە بەرڕۆشنایی هەندێ مەرجدا بکەن.

ئەوان لە دەستوری ئێراقیدا نەیاتوانی ئەوە بسەپێنن، لە ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا مەرجی بۆ داندراوە. دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانیووە ڕێگایەکی گونجاو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پراکتیکیانە و لەچوارچێوەیەکی کانونیدا ڕاکشاوانە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا مسۆگەر بکەن. ئەوەی لە لایەن ئەوان لەمبارەیەوە دەگوترێت لە چوارچێوەی دەربڕینێکی جۆتیارانەدایە و ڕەنگ لە توڕەیی و ئارەزووەکان دەداتەوە. گۆتنەکانی لەو شێوەیە زیاتر پەپولیستانەن و بۆ وروژاندنی خەڵک لە کات و ساتی تایبەتدا دەبیندرێن، کە لە بنچینەدا نە کۆنکریتیانە و لۆژیکیانە کاریان بۆ کراوە، نە لۆژیکیانە کاریان بۆ دەکرێت.

شایانی گوتنە مافی چارەنوسی گەلی کوردستان پەیوەندی بە دیموکراسی ئێراق و سیستەمی فیدرالیەوە نییە، گەلی کورد هەمیشە ئەو مافەی هەبووە و بەستنەوەی ئەو مافە بە سەرکەوتنی دەستوری ئێراقی یا دیموکراسی و فیدرالی هەڵەیەکی گەورەیە.